حکومەتی هە رێمی کوردستان

وە زارە تی خوێندنی باڵا وە توێژینە وەی زانستی

زانكۆی سەلاحەدین

کۆلێژی ئاداب

بەشی شوێنەوار


# مێژووی پێشکەوتنی خەتی کوفی

ئە م لێکۆلینەوەیە پێشکەش کرا بۆبەدەست هێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەکۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان.


**ناوی قوتابی**

**هێور صباح قادر محمد**

**مامۆستای سەرپەرشتیار**

**د . ئاوات ابراهیم خضر**


**2024زاینی** **2724کوردی** **1445کۆچی**

## بسم الله الرحمن الرحيم

قال تعالى ﴿ {وَلَا تَعْجَلْ بِالْقُرْآنِ مِنْ قَبْلِ أَنْ يُقْضَى إِلَيْكَ وَحْيُهُ وَقُلْ رَبِّ زِدْنِي عِلْمًا)، «سورة طه: الآية 114»}

**ســــــــوپاس و پێـــــــزانینـــــــني خۆم ئاراسته ي**

دکتۆری ســـــــەر پەرشـــــتیاری لـــــێکۆڵینەوە دەکــــــەم
( د . ئاوات ابراهیم خضر )

كه زور هاوكــــــارو یارمــــــه تی ده رم بوو تاكۆتـــــایی له

گه ڵــــم مــــــاندوو بــوو هه ر ســـــــه ركه وتــــو ته مه ن
درێـــــــــژ بێـــت

هەروها سوپاسی دایک و باوکم دەکەم کە منیان گەیاند بەم ڕۆژە

سوپاسی هاوڕێکانم دەکەم کە لەگەڵم بون هەروها ئەوانەشی یارمەتیان داوم

| ژماره | پێرست | لاپه ره |
|---|---|---|
| | **ئایەتی قورئانی** | IV |
| | **سوپاس و پێزانین** | V |
| | **پێشەکی** | 1 |
| | **ناونیشانی بەشی یەکەم**<br>سەرەتای دەرکەوتنی خەتی کوفی | 8-4 |
| | **ناونیشانی بەشی دووەم** | 14-10 |
| | **تەوەری یەکەم** : خه تی کوفی لەسەردەمی ئومەوییەکان | 10-9 |
| | **تەوەری دووەم** : خەتی کوفی لە سەردەمی عەباسییەکان | 12-11 |
| | **ناونیشانی بەشی سێیەم**<br>جۆرەکانی خەتی کوفی | ٢٤-١٢ |
| 3,1 | خەتی کوفی سادە | 12-١٣ |
| 3,2 | خەتی کوفی گەڵای | 1٤-١٥ |
| 3,3 | خەتی کوفی گوڵدار | ١٦-١٧ |
| 3,4 | خەتی کوفی خشتەیی | ١٩-٢٠ |
| 3,5 | خەتی کوفی ئەندازەیی | ٢١-٢٢ |
| | دەرئەنجامی توێژینەوە | ٢٣ |
| | **سەرچاوەکان** | ٢٤ |

# پێشەکی

خەتی کۆفی یەکێکە لە گرنگترین جۆرەکانی خە ت لە مێژووی شارستانییەتی عەرەب دا بایەخێکی تایبەتی پێدراوە  جێی ئاماژەپێکردنە ئە م جۆرە خەتە لە شارستانییەتی عەرەب و موسڵمانان بۆ نووسینی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم بە کارهاتووە هەرئەمەش وای کردووە کە ئەم جۆرە خە تە لەلای موسڵمانان پیرۆزییەکی تایبەت بە خۆی هەبێ لە هەموو سەردەمە جیاوازەکانە گرنگیەکی تایبەتی پێبدرێت   و هە وڵی گەشەکردن و پێش خستنی بدرێت ، وە جێی ئاماژە پێکردنە کە  خەتی کوفی لە دوای دەرکەوتنی تێکەڵ بە هونەری نەخشوو نیگار دەکرێت  هە رئەمەش وادەکات شێوازی نووسینی خەتی کوفی بۆ ڕازەندنەوەی مزگەوت و منارە و شوێنە گشتیەکان بەکاربێت ببێتە بەشێک لە شارستانییەت و سیمای وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان،هە رئەمەش وای کردوە توێژینەوەکەمان خۆی لەسێ بەشی سە رەکی ببینیتەوە لە بەشی یە کە م باس لە سەرەتای دەرکەوتنی خەتی کوفی دەکەین و پاشان لە بەشی دووەم باس لەخەتی کوفی دەکەین لە سەردەمی ئومەوییەکان و عەباسییەکان پاشان لە تە وە ری سێهەم باس لە جۆرەکانی خەتی کوفی دەکەین.

## هۆکاری هەڵبژاردنی باباتەکە :

هەموو باباتە شوێنەوارەکان بۆ لێکۆڵینەوە وتوێژینەوە گرنگیەکی تایبەت بەخۆیان هەیە ،جێی ئاماژە پێکردنە کە خەتی کوفی لە شارستانیەتی ئیسلامی گرنگیەکی تایبەتی پێ دراوە، ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی بینیووە لە ڕازاندنەوە و تۆمارکردنی دەق لەزۆربەی بوارەکاندا، هەر ئەمەش وای کرد کە ئەم باباتە هەڵبژێرم.

## گیرو گرفتی توێژینەوەکە:

هێچ توێژنەوەیەک بێ گیروگرفت نابێ هەرچەندە سوپاس بۆ خودای گەورە کە لەم تویژینەوەیە هیچ گیر و گرفتێکی وا نەهاتە سەر ڕێگامان تەنها لەدەست کەوتنی سەرچاوەکان هەندێک کێشە هاتە پێشمان چونکە بەداخەوە زۆربەی ئەو سەرچاوانەی دەستمان کەوت بەزمانی عەرەبی نوسرابوون و سەرچاوەی کوردی زۆر کەم بوو لە سەری هەر ئەمەش وای کرد پەنا بۆ کە سانی شارەزا ببەین بۆ وەرگێڕانی دەقە عەرەبیەکان.

## گرنگی توێژینەوەکە:

جێی ئاماژە پێکردنە کە خەتی کوفی بەشێک بوو لە هونەری مووسڵمانان، کەلەزۆربەی بوارەکاندابەکارهات لەوانە تێکەڵ بە هونەری خەزەف کراوە هەر ئەمەش وای کردوە کە بۆ ڕازاندنەوەی بیناو مناری مزگەوتەکان و شوینە گشتیەکان بەکاربێت، لەهەمان کاتدا خەتی کوفی لەسەرەتای درووستبوونی بەشێوازێکی گشتی تایبەت بوو بە نووسینی قورانی پیرۆز وە نووسینی فەرموودەکانی پێغمبەری خودا صلی الله علیە وسلم ،ئەمەش بۆمان دەردەخات کە خەتی کوفی بەشێک بووە لە کەلتووری وڵاتە ئیسلامیەکان.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

به شێوەیەکی گشتی بابەتی توێژینەوەکەمان گرنگیەکی تایبەتی هەیە لەبواری هونەری وئاینی و کە لتووری سەرجەم وڵاتە ئیسلامیەکان بە درێژایی مێژوو ھە رئەمەش وای کرد کە توێژینەوەکەمان خۆی لە سێ بەشی سەرەکیدا ببینێتەوە کە بە شی یە کە م تایبەت بێت بە باسکردنی سەرەتای دەرکەوتنی خەتی کوفی وچۆنیەتی دروستبوونی، هەروەها لەبەشی دووەم دێینە سەر باسکردنی خەتی کوفی لە سەردەمی ئومەوی و عەباسییەکان جێی ئاماژە پێکردنە کە خەتی کوفی لەم دووسەردەمە زۆر گرنگی پێدراو پێشکەوتی بەرچاوی بە خۆوە بینی وە ،وە لە بەشی سێیەم دێینە سە رباسکرنی چەند جۆریکی خەتی کوفی بە شێوازیکی گشتی و پاشان چەندین نموونە ی جیاواز لە بەکەر هێنانی خەتی کوفی دەهێنینەوە.